# شەڕگەکانی ڕاگەیاندن



چیا هاوار




کار گەیشتۆتە ئەوەی مرۆڤ دەسبەرداری گوێگرتن و خوێندنەوەی بابەتەکانی ئەم ڕۆژگارە بێت، کە لە ڕاگەیاندنەکانی کوردیدا بلاو دەبنەوە، تەنانەت واشی لێبێت سەیری هەواڵی تەلەفزیۆنەکانیش نەکەین و خۆشمان نەکەین بە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا، لەبەر چەند هۆکارێك، کە دەتوانین بڵێین جەوهەری و گرنگن، ئەمانە وایان کردووە نەزانیت بڕوا بە کام کەناڵ و ڕۆژنامە و کامێك لە ڕۆژنامە نووسەکان بکەیت؟!

بە درێژایی ئەو شازدە ساڵە کە کورد حوکمڕانیی خۆی گرتۆتە دەست، یەکێك لە کارە گرنگەکان فەراهەمکردن و زەمینە خۆشکردن بووە بۆ هێنانەی کایە و زیادبوونی میدیا بەرێژەیەکی زۆر، لەو بەشە ئازادکراوەی کوردستان، کە ئەمەش وایکردووە کۆمەڵێك دەزگای ڕاگەیاندن و بلاوکراوەی کوردی بێنە نێو ئەو پانتاییەوە، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا جێی سەرسوڕمان و پرسیارە بوونی ئەو هەموو کەناڵە زۆرە و ئەو جیاوازیەیە کە لە نێویاندا ڕۆژانە بەدیدەکرێت، بۆ نموونە گەر سەیری تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و سایتەکانی حزب و حکومەت بکەین، لای ئەوان کوردستان هاوشێوەی (دوبەی)یە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وڵاتێکی تر نیە هاوشانی کوردستان بێت، تەلەفزیۆنەکان کە چاوپێکەوتن و ڕاپۆرتە هەواڵ و کارەکانی تریان لە شوێنێکی وەك شێراتۆن و سلێمانی پالاس تۆمار دەکەن، جارجارەش سلایدێکی مۆنتاژکراوی چراخان ئامێز و پاکوخاوێنی هەندێك شەقام بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان بەرنامەکان بە کاردێنن و پەخشی دەکەن، هەڵبەت ئەوەش جۆرێکە لە سیاسەتکردن، لە بەرامبەر ئەو تێڕوانینانەی کە میدیا ئەهلیەکان هەیانەو کاری لەسەر دەکەن، بە واتایەکی تر وەڵامدانەوەی هەموو ئەو نووسین و هێرشە ئیعلامیەیە کە دەکرێتەسەر حکومەت و دام و دەزگاکانی.

لە ئێستادا بەرەیەکی تر کە ڕەواجی پەیدا کردووە، ئەو خەڵکانەن کە لەگەڵ کارو بەرنامەکانی حکومەتدا کۆك نین، کە خۆیان لە کۆمەڵێك ڕۆژنامەی ئەهلی نمایشکردووە، بەشێوەیەك کەوتوونەتە وێزەی حکومەت و حزبە دەسەڵاتدارەکان و پێیانوایە ئەم وڵاتە دواکەوتووترین وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وڵاتێکی خاپوور و دارماو و وێرانەیە، دوورە لە هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی، ئەو بەڵگانەشی کە بەکاریدێنن و بەردەوام قسەی لەسەر دەکەن، مەسەلەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و گەندەڵی ئیداری و نەبوونی کارەبا و ئاو و ڕێگەوبان و ساردەخەمی حکومەت لە ئاست ئەو هەموو پڕۆژە تەواو نەکراوانە و ئەو پڕۆژانەشی کە تەواو کراون و فەشەلیان هێناوە، ئیتر ئەوانیش بە کۆمەڵێك بەڵگەوە لە سەنگەرێکی جیادان ئینجا دیار نیە ئامانج لەو سەنگەرگرتنە چیە و چۆن خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، کە هەندێکجار ئەو ڕۆژنامانە زۆر بە جیدی دەکەونە شەڕێکی سەخت، ئەو شەڕانەش زۆربەی کات دەگوازرێنەوە بۆ بەردەم دادگاو لەوێ یەکلایی دەکرێنەوە.

سەیرتریش لەوانەی سەرەوە شەڕەگەرم و گوڕەکانی ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتە، لە ئینتەرنێتیشدا چەند بەرەیەك بەدی دەکرێت و دابەش بوونەتە سەر چەند




## ئەگەر سەیری تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و سایتەکانی حزب و حکومەت بکەین، لای ئەوان کوردستان هاو شێوەی (دوبەی)یەو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وڵاتێکی تر نیە هاوشانی بێت

کەس و گروپ و لایەن، هەندێکیان وەك تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و رادیۆکان کار دەکەن، کە ئەوانیش بەردەوام بانگەشەی بەرەو پێشچوونی تێکڕای بوارەکان لە کوردستاندا دەکەن، هەندێك لەماڵپەڕەکانیش بەردەوام کار لەسەر بە مەدەنیبوونی کۆمەڵگە دەکەن‌و تا ئاستێکی باش توانیویانە پێگەیەك بۆ خۆیان پەیدا بکەن، ببنە جێی دڵخۆشی بۆ ئەوکەسانەی بەنێو سایتەکاندا دەگەڕێن، ئەو ماڵپەڕانە بابەتی بە پێزو سود بەخش و پڕ لە زانیاری دروست بڵاودەکەنەوە کە نووسەرەکانیان قەڵەمی بەرەوشت و بەتوانا و خاوەن ئەزموونن و بەشێوەیەك لە شێوەکان بوونەتە جێی متمانە، کەچی هەر لە ئینتەرنێتدا ماڵپەڕی زۆر سەیر و سەمەرە تر دەبینی، کە وادەکات مرۆڤ ورەی نەمێنێ و بڕوای لەقببێ و هەرچی زووە ئەم وڵاتە بەجێبێڵێ و ڕێگای هەندەران هەڵبژێرێ، ئەو ماڵپەڕانە کە زۆر ئاشکرانین کێ لە پشتیانەوەیە؟ بە چ ئامانجێك کار دەکەن؟ بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە بازنەی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیدا ڕەنگە جێگەیان نەبێتەوە، بەوپێیەی کە ڕۆژانە سوکایەتی بە دەیان کەس دەکەن و بێ گوێدانە بنەماکانی کاری ڕۆژنامەوانی، ئەوەی بۆیان بچێت بێ هەڵسەنگاندن بڵاودەبێتەوە، ئەگەر نووسینەکە تا سەر ئێسقان سوکایەتیکرن و (تشهیر)نەبێت ئەوا بەدڵنیایی بڵاوی ناکەنەوە!! ئەوان پێیان وایە لە کوردستاندا شتێك نیە بەناوی حکومەت، دەڵێن کەسێك نیە دڵسۆزی ئەم خاکە بێت، ئەوان دەیانەوێ لەڕێی سایتەکانیان گۆڕانێك دروستبکەن کە خۆشیان لەو گۆڕانە تێناگەن بە چ ئاقارێك و بە چ شێوازێك و چۆن بێت و کێ جڵەوی حوکم بگرێتە دەست، ئەو جۆرە کارکردنەش جێی سەرسوڕمانە و تەواو و سەد لە سەد پێچەوانەی میدیا حزبی و حکومی و ئەهلیەکانیشە، ڕەنگە هەمووومان لەوە تێبگەین میدیای حزب و حکومەت بۆ بەرژەوەندی حزبەکەی بەوشێوازە کار دەکات ، میدیا ئەهلیەکانیش وەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن بۆ بنبڕکردنی ئەو کەم و کوڕیانەی کە ئەمڕۆ حکومەت و حزبەکان هەیانە کاردەکەن، ئەوان پێیان وایە دەتوانن بە خستنەڕووی ئەو کەم و کوڕیانە تا ئاستێك دەتوانرێت چارەسەربکرێت ، بەڵام ئەی دەبێ ئەو شێوازەی کە هەندێك لە ماڵپەڕەکان گرتوویانەتەبەر چ ئامانجێك، یاخود لە بەرژەوەندی کێدا بێت؟ چونکە هەندێك لەو ماڵپەڕانە سەرانسەر بۆ ناوزڕاندن و ئابڕووبردن و سوکایەتی کردن بە خەڵکی تەرخانکراون، نەك بۆ گۆڕینی ئاراستەی کارە چەوتەکانی حکومەت و سەرکردەکان و تا فەرمانبەرێکی نۆرمال.

بۆیە ناهەقمان نیە کە لە میدیای کوردی بێزار بین و تێنەگەین کە ئەم وڵاتە چیە و چۆنە و بەرەو چ ئاقارێك هەنگاو دەنێت؟ ئەو گۆڕانکاریانە دەبێ چی بن؟ ئایا بە میدیای حکومەت و حزب بڕوا بکەین یان بە میدیا ئەهلیەکان؟ یاخود بەقسەی سایتەکان بکەین و نیشتمان جێبێڵین و تاراوگە بکەینە نیشتمانێك، بەڵام نیشتمانێکی نامۆ بە هەمووومان کە ئەوە وایکردووە خەڵك و خوێنەر توشی بێ بڕوایی‌و بێ متمانەیی بێت، وای لێبێت کە تەنانەت بڕوا و متمانە بە قەڵەمە بەڕەوشتەکان و بەوتارە بەپێزەکانیش نەکەین.